# ڕاستییەکان

ئازاد کەریمی نووسیویەتی



چیای فەڕۆخشاد، کرماشان

هەشتەرخاس، خشەتەرە، خشەتەراویریە، خۆشەیەرە،ئەرتەخشە، فەڕۆخشاد، چیای ئازاد، مەڵبەندی هۆزی ئەستروخات ی مای...

هێرۆدۆت ئەفەرمێ مایدی یەکان( خەڵکی مای زمان) بریتین لە شەش تیرە.

ئەستروخاتیەکان یەکێ لەو شەش تیرەن.

خوا ئەزانێ هەر تیرە بریتی بووە لە چەن هۆز و خێڵ .... بۆ نموونە گەڕووس یەکێ لەو هۆزانەیە. عەرەبەکانی پێش ئیسلام بەوانیان ئەووت اصحاب کررس.

کورراش کچەزای گەیوشتە(ئەشتیویگو، ئەنگوشتەر یا پنجە ی باز نیاز) دوایین چوخا لە گەودانیەکانی بەگدیە یا مەییولە کە لە بناری ئەم کێوەدا دەژیان و مایدەشتی بوون بە زاراوەی ئێستا ناوی " چراخ" ە

و ئەوەش ناوێکی زۆر بوو بۆ پیاوان لە ناو کوردانەدا. چراخ ڕۆشنایی چەرخەکەی ئیزەد ئەردینی یە وا چەرخەوانی ئیزەد نێرگاڵ بووە.

حەزرەتی ئیبراهیم لە هۆزی ئەستروخاتی بوو.

هۆزی ئەستروخاتی بە ئەترۆپاتی ئەم نازناوانەی هەبوو: خاکەسەری و گردەنشین و خانەخەراب و گەودانی و گەدایی و کلدانی، قەڵخانی، کەرخی، چەرخی،خەرزانی، گۆتانی، ئەندیواری و ئەردینی و ئەردانی و نەردیوی و مەردانی و ماردینی و وەردانی، هەردانی، ئەردەوانی، داریوانی و دینەواری ئەناسران.

ئەوان کەڕەنا، ئەستروخا، وەردوشاخ، مەردوخاش و مەردوخە و گاوارە و گەیارەیان زۆر پێ پیرۆز بوو. چونکە پێناسەی پێوە کردنی ناخ بۆ جەستە بوو.

ئەو دوو شاخە نیشانەی دوو کونە لووتی ئیزەد مەردوخ یا جەنابی میکاییل ن. لە بەر ئەوەی ڕاتەسوار یان ئسرافیل کە هەمان ئیزەد ئاردینی یە کاتێ فوو بکا بە کەڕەناکەیدا هێمای ئەوەیە ئیزەد ماردوخ گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی جیهان کۆتایی پێبێ.

کاتێ باوکی ئیبراهیم وا ئاترۆپاتی شاری پیرۆزی کوشوز یان سەقز بەرەو کەرکوک و شنگار ڕۆیی و لەوێشەوە چوو بۆ حەران یان سوریجا و دواتر چوو بۆ ئورشەلیم ڕێک ئەو شارانەی بەسەر کردەوە وا لە بیر و بڕوای ئەستروخات ە کاندا شارە پیرۆزەکان بوون. دواتر لە نەبەتەری ئەو هۆزی ئیسرائیل درووست بوو. ئەوان لە نێوان دەریای تاباریە هەتا دەریای ناوەڕاست و لە باشووری لوبنانەوە هەتا دەریای سوور دا دەژیان. دواتر شای ئاشور وڵاتەکەیانی داگیر کرد و چواردە هەزار کەسی لێیان هێنا بۆ کوردستان.

ئەوان گەڕانەوە بۆ زێدی باپیرە گەورەیان.

ئەوان لە هۆزی ئەستروخاتدا توانەوە چونکە هەموویان یەک نەریتیان بوو. هەمووشیان لە یەک بەرەباوک ی مادی یەکان بوون. هەر ئەوەش بوو چراخ یان کوراش( سوریاش و سوریجا و سوریگا و شوروپاگ یان ئاسوریگ، سورەکە، گەسورە، جەسورە، گەڕوس) کاتێ بوو بە شا، هێرشی کردە سەر بابل و جووەکانی بابلی ئازاد کرد. ئەوان لە بنەماڵەی جودا یان گەودا یان گەدای کوڕی یاکۆ ی کوڕی ئیساک ی کوڕی ئیبراهیم( ئاورام، ئاوراهام، ئەورامای) بوون.

ئەستروخاتی یەکان لە سەردەمی کوراش یان چراخ بەدواوە بە خویان ئەوات چراخی، سولاکی، ئەوەش بە هۆی ئەستێرەی سولاکان یان توشتەر یان ئەستروخات یان ئەستێرەی ئازاد یا ماشیاخ ە.

ئەم ئەستێرە ئەکەوێتە سەر چیای شنگار بەڵام لە ڕاستیدا ئەستێرەی قوڵ ئەستێرە و ئەستێرەی چاوەی ئانو یان چاوانە یان ناوچاوانی پێئەڵێن و سێ گۆشە هێمای ئەوە و شوشە یان بلوورە. ئەم چاوە بە چاوی سێهەم ئەناسرێ و هێمای زانست و وردبینی و فەڕ و فەرهەنگە.

فراماسۆنەکان کردوویانە بە هێمای خۆیان و خەڵکی نەزانن پێی ئەڵێن چاوی شەیتان. بەڵام ئەوە هەڵەیە. ئەگەر ئەو شەیتانە وا ئەڵێن لە ئاورە چۆنە لە قووڵایی ئاوی پاکی ئاسماندا دەژی و ناکوژێتەوە؟

مایدی یەکان لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین لە بێستون یا بوشتو کۆ بوونەوە(ئەنجومەنەیان کرد) و کەسێکیان وەک "چوخا" یان کوێخا( دیبەگ، بەگدی، بەغدی، دێخوا) واتە "بەگ ی دێ" یان "سەرۆک ی وڵات" هەڵبژارد.

بەگدی و بەغدی نووسەرانی دوای سەردەمی ساسانی هەڵفریواند چونکە ئەوان بە هەڵە وا تێگەییشتن مەبەست لە بەگدی یان بەغدی هەمان گوندی بەغدی بابل ە. بەڵام وا نەبوو. بەگدی یان بەغدی نازناوی چوخا بوو کە کرا بە سەرۆکی مای دیەکان. مای دیوە وایە هەرێمی مای یەکان و ئەوەش لە چیای مەتین ی بەرواری یەوە دەستی پێکردووە هەتا چیای حەمرین و دەشتی شارەزور هەتا شنۆ و بەردی کێلەشین بەرەوخوار هەتا مایدەشتی کرماشان درێژەی بووە.

پاڵە یان پارسوماش و فەیلە یان ئەلوپی هەرێمی دیالەیە بە هەورامان و لوڕستانەوە. ئەوان پاردیوی یان پەردیوەری قسەیان کردووە. زاراوەی ئەوان بۆ وێژە و هەڵبەست و داستان و چیرۆکی ئاشقانە بە کار هاتووە. پێشتر بە زاراوەی پاڵە یان ئەووت ئەشنونی، ئەنووشی، ئەنیوشی واتە نووسراوەیی( مکتوب). ئەو وشە بە واتای ئاوخۆر یان پیاڵە بەدەست، جام بەدەست و ئاوگێڕ بوو هەروەها. ئەوان بە دوای ئاوی ژیانەوە بوون وا هەمان ئاوی بەردی حکمەتە و لە بەهەشتەوە شۆڕ ئەبێتەوە. ئەوان پیاڵەیەکی داریان بە پەتێکەوە ئەکردە ملیان و بە پیی پەتی ئەگەڕان. ئەوان گەدا یان درۆزە و سواڵکەری ڕێگەی زانست بوون. ئەوان شاگردی خدر ئلیاس بوون وا پاسەوانی کانی ئاوی ژیانە وا پڕە لە ژیان، زانست و هەرەت.

عەرەبەکان کاتێ گەییشتنە مای و پاڵە واتە کوردستانی کۆن ناوی ئەم ئایینەیان نا مغتسلە.

دیارە مەڵبەندی ئەنیوشی یەکان ئەوان پڕە لە بەردەنووسە جۆراوجۆرەکان بەڵام هەرێمی مای دیەکان وا نیە. ئەوان زیاتر نیگارکێشییان ئەکرد. زمانی مایدی یەکان زمانی فۆلکلۆر بوو چونکە ئەوان جووتیار بوون و خەریکی زێڕنگەری و مسگەری و ئاسنگەری و خومگەری و کار و پیشەی دەستی بوون.

هەروەها پیاوانی ئایینی مای دیەکان خەریکی کیمیاگەری و ئەستێرەوانی بوون. ئەوان نەیانئەتوانی ڕێزمان و نووسرواە فێری خەڵک بکەن. قەدەغە بوو.

سیستەمی کوێخایەتی لە ناو زۆر هۆزی کورد دا هەبوو وەک تیلەکۆییەکان و گەڵواخیەکانی " بان هەوەتو."

با لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم بێجگە لە بەغدی مای یان بێستون و بەغدای بابل شارێکی تر لە نێوان نەینەوا و کەرکوک هەبوو پێی ئەڵێن بەغدیدە و کوردانی سوریانی لەوێ دەژین. عوسمانیەکان ناویان گۆڕی بە قەرەقوش.

هەرچۆنێ بێ ئەستروخات واتە شاخ ی گا یا کەڵەشاخ.

بابەتی " تناسخ" یا " دەونادون" و چۆنیەتی ڕاخوشینی ناخ یان هەناخ و هەناو و شنان و شنە و ئەشنان و ئەنناشە و هەناشە واتە هەناسە بۆ ناو جەستە بابەتی ئەوان بوو. ئێستا تەنیا لە ناو کورد دا تەنیا کاکەیەکان یان یارسانیەکان بڕوایان بە دەونادون هەیە.

ئەوانیش پاشماوەی سولاکیەکانن.

ئایینی ئەستروخاتی چەند لقی لێ بووەتەوە: سولاکی، مانێشتی( مانەوی)، مەزدەکی دەمەوبەیانان( مژدەی بەیانان)، کاکەیی، یاری، گۆران، سورجامانی(سوریجایی)، ئاسوری، سریانی، کلدانی، مەندایی، ئێزدی، ئەودالی، زەندیگی یان شازەندی و گاماسی....